کوردیپێدیا Kurdipedia
کوردیپێدیا، داتابەیسی نەتەوەیەکە...

بابەت: بەڵێننامەی شێوازی کاری ئەرشیڤوانانی کوردیپێدیا (ڤێرشنی 1، 22-12-2021)

ئەم بەڵێننامەیە، شێوازی کارکردن و پابەندبوونی ئەرشیڤوانانی کوردیپێدیایە بە ڕێساکانی کوردیپێدیا و بنەمای مامەڵەی ئەرشیڤوانانە لەگەڵ کوردیپێدیا و هاوکارانیدا، ئەرک و مافەکانی ئەرشیڤوانان و کوردیپێدیا بەرامبەر هاوکاران بەگشتی ڕێکدەخات. هەر ئەرشیڤوانێکی کوردیپێدیا پێویستە بەم بەڵێننامەیە بسازێت و واژووی بکات.

1. ئەرشیڤوانی کوردیپێدیا، پێویستە بەپێی ستاندارد و شێوازی کاری کوردیپێدیا کاری ئەرشیڤی ئەنجام بدات.
2. ئەرشیڤوانی کوردیپێدیا، بابەتەکان تەنها کۆپی و پەیست ناکات، بەڵکو پێداچوونەوەی بابەتی و ڕێزمانییانەی بۆ دەکات و بە ڕێنووسێکی پووختە و ڕۆژنامەوانانە بابەتەکان تۆمار دەکات.
3. هەر تۆمارێک لە کوردیپێدیادا تۆماربکرێت، هەمیشە بە ناوی ئەرشیڤوانی تۆمارکەرەوە دەمێنێتەوە.
4. ئەرشیڤوان، پێویستە بەبەردەوامی ئامادەیی هەبێت لە کۆبوونەوە گرنگەکانی کوردیپێدیادا.
5. هەر ئەرشیڤوانێک، لە هەر دەزگایەکی تری ئەرشیڤییەوە هاتبێت، دەبێت پەیوەندیی فەرمیی خۆی بەو دەزگایەی ترەوە نەهێڵێت. یان هەردوو دەزگا لەسەر کاری ئەو ئەرشیڤوانە ڕێکەوتنی نووسراویان هەبێت.
6. ئەرشیڤوان، بەبێ ڕەزامەندیی کوردیپێدیا، نابێت لە هیچ دەزگایەکی هاوشێوەی ئەرشیڤیی تر لە یەک کاتدا کاربکات.
7. ئەرشیڤوان، کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی خۆی تێکەڵ بەکارەکانی کوردیپێدیا ناکات، ئەگەر شتێکی وا ڕووبدات ئەوا کوردیپێدیا مافی ئەوەی هەیە دوای ئاگادارکردنەوەی و جێبەجێنەکردنی، ڕێکاری ناچالاککردنی هەژمارەکەی پەیڕەو بکات.
8. ئەرشیڤوان، ئەگەر بۆ ماوەی سێ مانگ کاری ئەرشیڤیی بەبێ مۆڵەت و هۆکاری گونجاو ئەنجام نەدا، ئەوا هەژمارەکەی ناچالاک دەکرێت و هەموو ئەو ئامێرانەی کە لە کوردیپێدیای وەرگرتوون، دەگەڕێنێتەوە بۆ کوردیپێدیا.
9. ئەرشیڤوان، لە کاتی گۆڕینی ژمارەی تەلەفون، ئیمێڵ و ناونیشانی نیشتەجێبوونی، کوردیپێدیا ئاگادار دەکاتەوە.
10. ئەرشیڤوانی کوردیپێدیا بەڵێن دەدات کە، هیچ وشەیەکی زبر، نەشیاو یاخود هەڕەشە! (چ بە دەمی یان لەڕێی کەناڵەکانی پەیوەندییەوە) بەرامبەر هاوکارانی و کوردیپێدیا بەکارنەهێنێت. هەر کات ئەمە ڕوویدا، یەکسەر هەژماری ناچالاک دەکرێت و ناوی لە ڕیزی ئەرشیڤوانانی کوردیپێدیا نامێنێت.
11. ئەرشیڤوان، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە پێداچوونەوە و ئازادکردن بۆ ئەرشیڤوانانی هاوکاری بکات، هەڵەکان دیاری بکات و هەوڵی بەرزکردنەوەی کوالیتیی تۆمارەکان بدات.

| | |
|---|---|
| ناوی سیانی و (نازناو): ئاراس عمر فتح الله (ئاراس ئیلخانی) | ڕێکەوت: 28/12/2021 |
| شوێن: کەکۆن - کۆیە / کوردستان | واژوو: |

12. هەژماری ئەرشیفوان، زانیارییەکی گرنگی ئەو ئەرشیفوانەیە، نابێت وشەی نهێنیی هەژمارەکەی بداتە ئەرشیفوانێکی تر، ئەگەر دەرکەوت کە ئەرشیفوان، هەژماری ئەرشیفوانێکی تری بەکارهێناوە (تەنانەت ئەگەر دلخواز یان هاوژینی یەکدیش بوون) و بەناوی ئەوەوە کاری کردووە، ئەوا هەژماری هەردوو ئەرشیفوان ناچالاک دەکرێت.
13. هەر کارێک کە ئەرشیفوان دەیکات، کوردیپێدیا دەبێتە خاوەنی، ئەرشیفوان مافی ئەوەی هەیە کە تۆمارەکانی خۆی و هاوکارانی تری لە لێکۆڵینەوە و نووسینەکانی خۆیدا بەکاربهێنێت بە مەرجێک ئاماژە بە ناوی کوردیپێدیا وەک سەرچاوە بکات (ئەرشیفوانانی تریش بەپێی توانا هاوکاریی تەکنیکی دەکەن).
14. ئەرشیفوان بە هیچ جۆرێک مافی ئەوەی نییە داوا لە کوردیپێدیا بکات کە، ئەو تۆمارانەی ناوی ئەوی بەسەرەوەیە (وەک مێتاداتای تەکنیکی) بۆی بگەڕێنێتەوە یان بیانسڕێتەوە.
15. ئەرشیفوان نابێت، هەر پاسوخواستێک یان کێشەیەک لەناو کوردیپێدیا رووبدات، کەسانی دەرەوەی کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکات. هەموو کێشە ناوخۆییەکان و زانیارییەکانی ناو گروپە تایبەتییەکانی کوردیپێدیا و کۆبوونەوەکانی بەنهێنی دەهێڵێتەوە و نایگوازێتەوە بۆ کەسانی دەرەوەی کوردیپێدیا (تەنانەت ئەو کەسە پێشتر هاوکاری کوردیپێدیاش بووبێت)، جگە لە ئاشکراکردنی ئەنجامنامەی کۆبوونەوەکانی کوردیپێدیا، ئەگەر کوردیپێدیا رێگا بدات.
16. ئەرشیفوانی کوردیپێدیا، نابێت هیچ بەرکەوتەیەکی لەگەڵ پۆلیس و ئاسایشی ئەو شوێنەی تێیدا دەژی بێت و ببێتە لەکەیەک بۆی. بەمەرجێک ئەو بەرکەوتەیە لە ئەنجامی کارە رۆژنامەنووسیەکانی ناو کوردیپێدیا نەبێت.
17. وازهێنان لە کوردیپێدیا، تەنها لە رێی نامەوە دەبێت. پێویستە ناوی سیانی، واژوو، شوێن و رێکەوتی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی لەسەربێت. نامەی دەستلەکارکێشانەوە، باشترە بەلایەنی کەمەوە ئاماژەی تێدابێت بۆ هۆکارێک. کۆبوونەوەی ئەندامانی کارای کوردیپێدیا، بڕیار لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکە دەدات. ئەگەر هۆکارەکە پەیوەندیی بە شێوازی رێکخراوەییەوە هەبوو، ئەوا کوردیپێدیا هەوڵی باشترکردنی ئەو شێوازە دەدات.
18. ئەرشیفوان، مافی ئەوەی هەیە داوای ئەو ئامێرە ئەلەکترۆنییانە بکات کە کارەکانی ئاسان دەکات، بە مەرجێک بودجەی کوردیپێدیا لەو کاتەدا دەستەبەربێت.
19. ئەرشیفوان، هەر بڕە پارەیەک بۆ کوردیپێدیا خەرج بکات مافی وەرگرتنەوەی هەیە. بە مەرجێک بەڵگەی نووسراوی بۆ ئەو خەرجییە هەبێت و کوردیپێدیا ئاگاداری ئەو خەرجییە بووبێت یان داوای لێکرابێت.
20. ئەرشیفوان بەپێی کارەکانی مووچە وەردەگرێت وەک ئەوەی لە میکانیزمی مووچەدا چەسپێنراوە (میکانیزمی مووچە لە مانگێکەوە بۆ مانگێک بەپێی کوالیتیی بابەتەکان و بودجەی کوردیپێدیا گۆڕانکاریی بەسەر دێت). لەو رووەوە کوالیتیی بابەتەکان پێویستە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابرێژرێن، چونکە کوالیتیی بابەتەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ میکانیزمی مووچەدا هەیە و رێژەی مووچەی ئەرشیفوانان دیاری دەکات.

| | |
|---|---|
| ناوی سیانی و (نازناو): ئاراس فرج فتح الله (ئاراس ئیلخانی) | رێکەوت: 26/12/2021 |
| شوێن: [illegible] - کۆیە / کوردستان | واژوو: |

21. کوردیپیدیا، هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکات کە شارەزایی و لێهاتوویی ئەرشیڤوانان بەرزبکاتەوە، ئەرشیڤوان ماڤی ئەوەی هەیە داوای کۆرس و ڕاهێنان بکات بە مەرجێک ئەو کۆرسە گرنگ بێت بۆ پێشکەوتنی کوردیپیدیا و بودجەی کوردیپیدیاش بتوانێت ئەو خەرجییانە دابپۆشێت.
22. هەر ئەرشیڤوانێک بەپێی ستاندارد و شێوازە لەسەرڕێککەوتووەکان کاری نەکرد و ئەو خاڵانەی سەرەوەی جێبەجێ نەکرد، ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر دووبارە بووەوە لە کۆبوونەوەی ئەندامان باس دەکرێت و بڕیار لەسەر مانەوە یان نەمانەوەی و ناچالاککردنی هەژماری ئەو ئەرشیڤوانە دەدرێت.
23. چالاککردنەوەی هەژماری ئەرشیڤوان بە ڕەزامەندیی تەواوی ئەرشیڤوانانی کوردیپیدیا دەبێت، بەمەرجێک بە نووسین داوای لێبووردن بکات، ئەگەر پەیوەندیی بە ناپابەندیی خاڵەکانی ئەم بەڵێننامەیەوە هەبوو.

| | |
|---|---|
| ناوی سیانی و (نازناو): ئاراس عمر فتح الله (ئاراس ئیلخانی) | ڕێکەوت: 28/12/2021 |
| شوێن: کەلار - کۆیە / کوردستان | واژوو: |